خانوادەی مامستا جیهان تەها پەیامێك بۆ ئاودەكەنەوە

خانوادەی مامستا جیهان تەها رایدەگەیەنن، كچەكەیان "تیرۆركراوە" رەتیدەكەنەوە رۆداوی گیان لەدەستدانەكەی "خێكوژی" بێت ناوبراو لە چەند لێدوانێكدا رەخنەی توندی لە دەسەڵاتداران گرتوە، دەشێن، "جیهان ئێو ڕۆژە كە تیایدا تیرۆركراوە زۆر بێئاسایی و بە ڕێكوپێكی بەرنامەی ڕۆژێكی خێی كردوە، بە نمونە دەوامی خوێندنگا، وەرگرتنی موچە، بازاڕیكردن، پێیوندی لەگەڵ كەسوكار و دەست و هاوڕێ، پێدانی چێندین بەڕێنی یێكتربینین و ئێنجامدانی هێندە كاری گرنگ و پێویست لە ڕۆژێكانی دواتردا".

خانوادەی مامستا جیهان تەها ئەمڕۆ لە بەیاننامەیێكدا دەڵێن، "هەروەك هەمو لایێك ئاگادارن لەبەرواری 26ی 10ی 2023 هەواڵی گیانلەدەستدانی مامستا جیهان تەهای دانیشتوی هەولێر لە كوردستانی عێراق بەاوكرایەوە بە ڕۆداوێكی هاتوچۆی گوماناوی، هاوكات لە فەیسبوكێكی چێندین پێستی نامە كرابو كە ئاماژەی بەوەدەكرد كە خێی كەتایی بە ژیانی خێی هێنابێت، هەرلەسەرەتاوە ئێم ڕووداوە لەلایە خێكی كوردستان، دەزگاكانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنوسان، ئازادیخوازان، چالاكوانان بەكاری تیرۆر لەلایێن دەسەڵاتەوە لەكدرایەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە ساڵانی ڕابردو ڕۆداوێكانی تیرۆركردن، گرتن،

لەدان و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنوسان وئازادیخوازان لە سنوری هەولێر و بادینان بەتایبەت بەردەوام هەبوە"

ئاماژە بەوەشدەکەن، لەماوەی رابردودا "ئازادی رادەربڕین، ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات و حکومەت و بەرپرسان هەروەها چالاکی و خەپیشاندان بە داواکردنی ماف بەهەمو شێوەیەک سنوردار و قەدەغەکراو بوە، بە نمونە ڕفاندن و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، تیرۆرکردنی وەدات حسەن، تیرۆرکردنی مامەستا مەلا هەشیار ئیسماعیل، زیندانیکردنی شەروان شەروانی، گوهدار زەباری و قارەمان شوکری و تەواوی زیندانیانی تری بادینان، لەم دوایینانەش ڕەگریکردن لە چالاکی و خەپیشاندانی مامەستایان و وانەبێژان لە سنوری هەولێر دەستگیرکردنی عەلی ڕەئوف نونەرەکی تری وانەبێژان بەچەند هەفتەیەک دوای ڕوداوی تیرۆرکردنەکەی مامەستا جیهان بەبیانوی ئەوەی بانگەوازی خەپشاندانی کردبو".

لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، "خەپیشاندانی وانەبێژان و مامەستایان لە سنوری سلەمانی و دەوروبەری کە لە ژێر دەسەڵاتی لایەنەکی ترە نزیکەی چوار مانگە بەردەوامی هەیە و هیچ ڕەگریەک لە خەڵک نەکراوە، شایەنی ئاماژەپێکردنە کە مامەستا جیهان تەها کە لە هەولێر دەژی لەماوەی ڕابردو لە سێ چاوپێکەوتن دەرکەوتوە کە ڕەخنەی توندی لە دەسەڵات و وەزارەتی پەروەردە گرتوە لە لەکەمتەرخەمی و بەداوانچونی داواکاریەکانی وانەبێژان".

ئەوەشخراوەتەڕو، "لە تاوانی تیرۆرکردنی مامەستا جیهان تەها دەسەڵاتی کوردی لە سنوری هەولێر و بادینان بەپلەی یەکەم تەمەتبارە لەلایەن خانەوادەی مامەستا جیهان و خەڵکی کوردستان و تەواوی ئازادیخوازانی کورد لەسەرانسەری جیهان".